# نامەیەك بۆ هاوڕێكەم

Medi Xembar

زۆر لە مێژە .لێرەو لەوێ

یەخەم دەگرن !! لێم دەپرسن !!

بۆ .. خەمباری ؟

هەرکەس دەلێ بۆ تۆش وەك من پێناکەنی و لێو بەباری ؟؟

لێم دەپرسن .... کەی و کەی و کەی .. کەی ؟؟

نەك هەر جارێ .. بە دەیان جار ...

تۆپەلێ کەی .... بؤچی ،بؤچی

ڕۆژانە دەکرێنەپرسیار .......

بۆ وەڵامی .. هەموو کەی و گشت بۆچیەکان

ئەوانەش هێشتا لەڕێگان !!

ئێدی ڕازەکان دەبزوێن .. لە ناخیاندا مێژو دەزێ

دەیان داستان ، سەدان ڕۆمان ، لەم ساتە لە دایك دەبێ !!

دەبنە وەڵام ...

ئەی هاوڕێکەم .........

بۆ ئەم ڕۆمان و داستانانە ..

چی بکەم بەناونیشان و پێشەکی

کام تراژیدیاش بەخواکەی !! ..

کە منداڵ بووم ، چاوەکانم .. تازەدەهاتن بپوشکێن

پەنجەکانم وەکو لاولاو لە دەسرازەکەم بئاڵێن

دایکم لە لانکە دایگرتم ..

شێوەی کەسێکم لێ ون بوو نابینرا

ووشەی کەسێکم بەگوێدا ناچپێندرا ..!

لەو ڕۆژەوە ...... بکوژانی عیشقی خاك و گوڵالە سورەی

سەربەستی

پاشەبەرەی ، بەنی هورەیرەی عەباسی

منیان لە نازی باوك و لە خۆشەویستی دابڕی ....!!؟؟

نەمن سەر قافڵەی ئەو ژانەم .. نەدوا پێکراوی ئەو تیرەم ..

ئەی هاورێکەم ................

کەگەورەبووم پرسیم دایە کوانێ باوکم .. تاوێ داما

ووتی ڕۆلە ... تۆ نازانی ..!! ..

حوشترەوانێ دڵ ڕەش ها .. ت و بەشمشێرە ،ژەنگاویەکەی ..!

خاڵە قەعقاع ...... سەری بڕی .....؟؟؟؟؟

بڕیارم دا ، کوردایەتی ئاینم بێ و کوردستانیشم پەرستگا .

چوینەشاخ و ، بوینە خەونی ژانەکان و تروسکە هیوای ئازادی و ڕقی هەڵچو ..

نەبێ باوکیم پێوەدیار ما و نە ویژدانیش سڕ و مردوو

لەپڕێکدا ..... خۆزگەی من و میلەتێك زیندەچاڵ کرا

ئەمجارەیان پەت بۆ ملی ... سەد هەزار بڕنەو هەڵخرا .. !!

یەك .. یەك .. کۆ .کۆ .. لەلوتکەوە هاتینەوە .....

نامانزانی .. پاش هەناسە هەڵکێشانێ .. پێڵوی چاو لەسەر یەك نانێ ...

بۆ ماچی ئاسۆی هیوامان ... بەرەو لوتکە دەچینەوە ءء

ئەی هاورێکەم .......................

جارێکی تر بوینە گوڵی خۆزگەی خاك و ژیاینەوە ..

لە ناو تابوتی هەرەسدا هەڵسانەوە ... !!!

جار نا جارێ .. دەچوینەسەر ، لوتکەی .. خەونە ئەرخەوانیەکانی مێژو

تەپڵی شادیمان لێ دەدا

تاو نا تاوێ بۆ بێ کەسی خۆ دەگریاین !!

جار ناجارێ مانگمان دەگرتە ئامێز و دڕمان بەشەوی تار دەدا

شەو نا شەوێ .. چاوی هیوایان دەبەستین .. مانگ دەگیرا

جار نا جارێ .. بەبڕیاری دێوەزمە .. !!

بۆ هەڵواسینی خەونی خاك پەت هەڵ دەخرا !

ئەی هاورێکەم .....................

لە ئاوێنەی بوونی خۆما .. شوێن پێکانی خۆم دەبینم

لە پێش لەشکری مەرگەوە . بۆ سەر مێرگی سەوزی بوونم

هێناویانمە و دەیانهێنم

تاك .. تاك .. ملی خونچە گوڵ و تیشکی هەتاو دەقرتێنم ..!! ؟؟

قامك و دەستی خۆم دەبینم ... شمشێرەکەی بۆ هەڵگرتون

بۆ پەڕانی کەلەی سەرم ..!!

چاوەکانی خۆم دەبینم ... سوپای کوللەی دوای خۆ داوە

لە کێڵگەی فەریك وسەوزما گەرای مەرگی .. پێ داناوە

ئەی هاورێکەم ......................

وا مەزانە ئەم دڵەی من هەرمێیەکە و هەر بەقەد خۆی خەم هەڵ دەگرێ

دڵ چوار لەتە .. لەو ڕۆژە وەی جەستەی منیش کراوەتە

چوار پارچەوە

هەر لەتێکی ئەم دڵەی من لەگەڵ ژانەکانیا دەژێ

لەگەڵ خەونەکانیان دەدوێ

هەر لەتێکی ئەم دڵەی من بوخچەیەکە .. کە کردتەوە

هەزاران ئازار هەڵ دەفڕێ
دەیان مەلۆتکەی لەش سڕی تیا پێ دەگرێ ..
ئەی هاوڕێکەم ..............
کاتێ بەخۆما دەڕوانم .. من و جیهان
لە خۆم ناگەم .. دارێ هێندە بەرز و گەورەم .. مە خابن زڕ و بێ بەرم ..!! ؟؟
ڕۆژێ دەکرێم .. بەکلکی تەوری دار بڕ و ڕۆژێکی تر
بە دار گاڕان .. !!!
لە ئاوێنەی بونم دیارە .
لەکوێ کراوم بە گۆچان
لە کوێیش خۆم خۆمم بڕیوە
بۆ کامە کۆستی بێ کەسیم .. گریاوم و .... فرمێسکی خوێنم سڕیوە !! .
من نازانم , . هێندەگەمژەم ..!! .
بۆ تێ ناگەم ....؟؟؟ ئەی هاوڕێیان , !
مێژوی بوونم ... هەمویان دەخاتەگیرفان .
کەچی هێشتا .. هەر ئەوانە خاوەن ماڵ و گەورەپیاو و شێخ و قەشەن
هەر ئەوانە لە ڕاهی خوا نانم دەدەن ..!!!
هەر یەك لەوان کتێبەکەی خۆی دەهێنێ ...
ئینجیل .. تەورات .. زەنبور .. قورئان ....
ئەوەی منیش ئەی هاوڕێکەم .... باپیرەگەورەم بەدەست خۆی
هەموی دڕان .. گشتی سوتان

ئەوجاش فەرموی دەستیان ماچ کەن ....!!!
لە حزوریان سەرتان داخەن ..؟؟؟ !!!
ئەی هاوڕێکەم ............
بۆ نامبینی . هەموو ڕۆژێ .. لەسەر مێزێ دامدەنێن و هەڕاج دەکرێم !
دوا جار دەکرێم بەکلینس و پاش بەلیکاو تەڕکردنم
فڕێ دەدرێم .....!!!
ئەم خەمانە .. بونە هەوێنی ژانێکی بێ کۆتایی و کوژانەوەی چرای هیوا ..
هەمو ڕۆژێ .. هەموو شەوێ .. مێردەزمەی ئەم خەمانە
خۆ بەسەر سینگم دا دەدا .!
ماوەیەکە ..من و ئازار .. مەرگ و ژیان .. زۆران دەگرین
ئەو دەیەوێ بمتاسێنێ ..
منیش تروسکەیەك هیوا .....
ئەو چۆك دەنێتە سەر سینەم .. !!
دەست بۆ بناقاقام دەبا
منیش تروسکەیەك هیوا
دەمژێنێت و دڕ بەو ژانەسەختە دەدا ...
ئەی هاوڕێکەم ............
زۆرتان پرسی .. بۆچی .. بۆچی .. خەمباریت و پێناکەنی .. ؟؟؟؟
تاقە جارێ من نەمپرسی ,
ئەرێ هاوڕێ . تۆ بۆ نایەی لە گەڵ منا . لەنگەرێکی خەم هەڵبگری
من نەمپرسی .. ئەرێ هاوڕێ .. چۆن بەبێ خەم ئۆقرە دەگری

ئێستاش وەرە ئەی هاورێکەم .. با پێش ئەوەی
قەڵایە تر لە جومجومە و کەلەسەر و دەست و لاقمان
دروست بکەن
با پێش ئەوەی سێدارەی تر .. بۆ ئازادیمان هەڵ بخەن
ئێمە زوتر .. ملی بکوژانی قازی و دەرسیم کوژ و ئەنفال چێکانی
پێوەکەین !!! ......
گەر درەنگ بێی دڵنیابە ئەی هاورێکەم من نابینی ...
هێندەماندوم , ئەگەر خەوتم . جارێکی تر تۆ ناتوانی هەڵمسێنی
ئەی هاوڕێکەم .. . هەرکە مردم لێت وەسێت بێ .
کە کاروانی ئازادیمان گەیشتەجێ ,,!!
وەرەلاشەکەم دەربێنە .
ئەی هاوڕێکەم
گوڵێکی سور بە لە یەخەم

١١ / ٢٠٠٠ فینلەندا